# بیرت دەکەم

هەڵوەدا

pishdari@hotmail.com

29/10/2006

ئەی ئەستێرەکەی شەوگاری تارم
ئەی کاروان کوژەی بەرە بەیانم
ئەی پەری ڕوخسار تۆی دڵو گیانم.

ئەی خۆشەویستم ئارامی گیانم
ئەی فریشتەی ژیان بینای چاوانم
چونکە لێم دووری بێبەش لەژیانم.

ئەزانی گیانە چەند بیرت دەکەم
گەلێ ئەستەمە بێتۆ هەڵبکەم
هەرتۆی ئارامی دەردی دڵەکەم.

خۆزگە ئەتزانی چەند پەرێشا نم
لەدووری باڵات چەند سەرگەردانم
ژییا نم ژانە دڵ پڕ لەژانم.